## به ناوی کوردستانی گەورە !

# ژن

ح. س. سۆران
soran909@hotmail. com

هێنەری هەستی ژیانە، مەزهەری ژیوارە ژن
ڕێبەری هۆزی مرۆڤە، ڕێخەری ئەدوارە ژن
نوێنەری دایە حەوایە، پەیکەری وێنووسە ئەو
زایەڵەی ویست و هیوایە، لانکی ئەفکارە ژن
کۆڵەکەی ماڵ و منالە، لانکی یەککەوتنە
لابەری پەستی و نیفاقە، نازمی کردارە ژن
دەقدەری ئەخلاقی گەنجە، ڕێنوێنی نەسلی لاو
دانەری پایەی خەیاڵە، بۆ بەشەر مێعمارە ژن
دیمەنی عیشق و ئەوینە، لاگری دڵنەرمیە
دوژمنی قین و قڕانە، ناسک و نازدارە ژن
تابلێی ڕەحمی بەتینە، خۆشەویستی خەڵکیە
بۆ برا و باب و کەسانی، هۆگر و غەمخوارە ژن
بێغەش و سادە و سەلیمە، چەشنی ئاوی زیندەگی
لە تەواوی پیس و چەوتی، بێ بەش و ڕزرگارە ژن
ژێری پێی جێگەی بەهەشتە، ئەشرەفی مەخلووقە ئەو
بۆ تەواوی خەڵکی دنیا، سەروەر و سەردارە ژن
هەڵگری باری منالە، قارەمانی بێنیشان
ڕۆژ و شەو غەرقی تەلاشە، فاتیحی شەوگارە ژن
دایەنی سۆران و نالی و سوارە و گۆرانە ئەو
هۆگر و بەرز و بەڕێز و ئەشرەف و سالارە ژن

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت